فەرەیدون موشیریی
وەرگێر: حەسەن ئەیوب زادە

# کام تۆز ، کامە گورگ

هەر چرۆیەك مزگێنییە بۆ ژین
ژینیش چرۆیە کە دەپشکوێ
بەخەڵاتی هەوری دلۆڤان لە بەهارا
قەد و باڵا لە چرۆیان تەژین
هەر چرۆیەك کە بخەملێ
چلچرا چێ دەبێ بۆهەر لکی دارێك
هەردرەختی لە گوڵۆك پڕ ، باخێکی تەواوە
زارۆ کە هەڵێنێ چاو، یەکەمجارچرۆیە
کوڵمی ناسکتر لە گوڵۆکی چلچرای رۆشنە بۆ ماڵ
نەو بەهارە پڕی بەستەو ئاهەنگە کەنینی
کاتێ کە بە نازان لە نێو بێشکەدا دەشنێ
ئەی سروەی رێبوار دە پێمان بێژە!
ئەو چرۆی باخی ژیان، یا گوڵۆکانی ئەوین
ژاری کام قاقڕە ئارام دەیانکاتەوە دڕك

وان کۆتری ئارام لە نێو بورجی ئەویندا
تۆزی کام کاکێشان دەیانکا بە گەلە گورگی هار
گوتی زانایە کە گورگی خووی سەرەرۆ
ترەکیوە بە نهێنیی لە نێو نەفسی مرۆ
هەر شەڕە لەو شەڕگەیە بێ خورد و خەو
گورگ و ئینسانە لە شەڕدان رۆژو شەو
هێزی باسك کزە هەمبەری گورگ نییە
بیرمەندە کە دەزانێ گورگ چاری چییە
زۆر بووە بای داوە پەرێشانە کەسێ
ملی گورگی خۆی و وەشاندوویە دەسێ
ئەی کە زۆرن کەسی بەهێزی چون فیل
کەلەلان لەژێر چنگوڕی گورگچون دیل
هەر کەسێ پشتێ گورگی دابێ لە خاك

نەرم وئارام رادێ ، دەبێتە ئینسانی پاک
ئەو کەسەی گورگی دەرون تێکی شکاند
گورگە ئەو گەرچی وەك ئینسانی نواند
ئەو کەسە رابێ لەگەڵ گورگی خۆی
خوو خدەی گورگی کرد بە خدێی خۆی
گورگی خووت رادە هەتاگەنجی تۆ
تانەبێ گورگ بە پیری هاورێی تۆ
کاتی پیربی وبەهێزبی وەکو شێر
ناکرێ بۆت کە بادەی ملی شێر
ئەوکەسانەی کە یەکتر هەڵدەدڕن
گەلە گورگیان رێبەرە و رێ دەبڕن
ئەو مرۆڤەی کە حاڵی ئاوا زارە
گەلە گورگی رێبەر و فەرماندارە
ئەو ستەمکاری کە وێکرا رێکن
گەلە گورگیان رێکن ئاشنای یێکن
گورگ هاورێ بن و ئینسانیش غەریب
چ ببێژم ئەمە زۆر سەیرە ، عەجیب

ترەکین و ترەکان: بێچوو هێنانی دێڵەسەگ و دێڵەگورگ
تەژی: پڕ، زۆر، فرە
چرۆ:1) لکی باریکی دار؛2)خونچەی تازەی گەڵای دار
چەقڵ، دڕك، دڕو (ە.ب.ە)
خوو خدە: عادت، رەوشت
عەجیب: سەیرو سەمەرە
کاکێشان : بەملیارد ئەستێرە لە تەنیشتی یەکتر کە بە ملیۆن سالی نوریی لە ئەردەوە دوورن و تیشکیان بەرەو جیهانی ئێمە بەرێوەیە. بوونی ئەو هەمووە ئەستێرەیە لە نزیك یەکتر و رووناکاییەکەیان لە رێگەیەك دەچێ کە ئێژی شوێنی کاکێشانە، یان رێگەیەك بە رەنگی شیر.
کەلەلا: 1) شەکەت؛2) زۆرنەخۆش؛3 ) پەرێشانحاڵ
قاقڕ : زەوینێ کە گیای لێ ناڕوێ، زەوی شۆرەکات
گوڵۆك: خونچە، پشکۆژ، گوڵی نەکراوە و نەپشکوتو
لە هەمبانە بۆرینەی مامەهەژاری کورد بڕوانە!
تێکستی شێعرەکەم لەبەر دەستدا نەبوو. لەخوێندراوەیەکەوە کە گوێم لێبوو، وەرمگرتووە و نووسیومەتەوە. ئەگەر کەسێك دەقە فارسییەکەی هەبێ، تکایە بۆ سایتی رۆژهەڵاتی بنێرێ. ئەگەر پێداچوونەوەی پێویست بێ کەڵکی لێوەر دەگرم. لەبەردا سوپاسوێژم. وەرگێر

فەرەیدون موشیریی
وەرگێر: حەسەن ئەیوبزادە

# تۆ نی کە ببینی

تۆ نی کە ببینی؛ بۆنی خۆشت چۆن بەناخی دەمەساتدا دەگەڕێ،
وێنەکەت بە تیشکی شووشەوە چۆن دیارە،
چۆن دیارە جێگەکەت لە گیانی ژیندا،
پەنجێرە والآیە و هێشتا، تۆ لەبەرزایی هەیوانەوە دەڕوانیە باخ،
درەخت، چیمەن و شەمدانیی لە زەردەخەنەی شیرینت ، لە نیگای پڕ لە رۆژت دەروانن،
پاساریی هەموو لە نەبوونی تۆدا بەسەرکۆنەی منەوە سەرقاڵن تۆ بەناو بانگ دەکەن،
لە قوتەی گونبەزیی دارەبەرووی لێواری باخچە، ژێری درەخت، لای گوڵ و ناخی ئاوێنەی بێگەردی ئاوەوە، هێشتا لە نیگاری تۆ دەڕوانن،
تۆ نی کە ببینی؛ نەوای شێعری نیگات، چۆن خۆی لە سۆزی دەروونی من هالآندووە،
چۆن سروەی روحت بەباخی بێ چرووی مندا دەگەڕێ، تۆ نی کە ببینی،
چیها نیوەشەوان لە پەڵەهەوری سپیی بەوپەری بەرزایی تەتەڵەی ئاسمانەوە، چەشنێ کە دڵم ویستوویە، نیگارم چێ کردووی،
چ کاتگەلێ کە هەوری یاریگەر بە هەزار شێوە روخساری تۆی نەخشاندووە چۆن لە چاوتروکاندنێکا، لەنێو ئەو هەموو دیمەنەدا تۆم ناسیوەتەوە،
ئەوە خەوە ، تەنیا چەشنی خەونە کە، چرا، ئاوێنە و دیوار بە بێ تۆ خەمبزوێنن
تۆ نی کە ببینی؛ چۆن لەگەڵ دیوار بەسۆزەوە لە تۆ دەدوێم،
تۆ نی کە ببینی، چۆن وەلامی دیوار دەبیسم،
تۆ نی کە ببینی؛ چۆن لە دووریت تۆزی ئاماڵ مزی خەم باڵی کێشاوە بەسەر هەرچی هەیە لەم ماڵە،
تۆ نی کە ببینی، چۆن ئەم دلە ڕاکردووەم بێچگە لەتۆ هەموو تشتێکی لەبیر کردووە،
لە تەنگی شێوانی غەریبیی لەم ماڵی ویست و نیازەدا، مەل بێدەنگ و دڵ کەیلی خەم و ستێرك بیمارە،
دوو چاوی ماندووی من لەو بێهوودە هیوایەمدا وەك دووشەمی سوتاو هەر بێدارن
تۆ نی کە ببینی،

دەقی ئەم شێعرەم نەبوو. لە سایتێکەوە ئەم شێعرەم بە دەنگی شاعیرەکەی بیست . تکایە ئەگەر کەسێك تێکستەکەی هەبێ بینێرێ بۆ سایتی رۆژهەلات ، تا لە پێداجوونەوەیدا کەڵکی لێوەرگرم. سوپاسوێژم. وەرگێر.

فریدون موشیری
وەرگێر : حەسەن ئەیوبزادە